# گەڕەکەکەمان و دوکانەکان

شیعری بەکر ئەحمەد
*26ی حوزەیرانی 2002*

ئەوەی ئەم دوو گەڕەکە لەیەك جیادەکاتەوە
بە تەنها ناوەکانیانە.
ماڵەکانیان لەیەکدەچن.
دەرگاکانیان، شیعرەکانیان، کرێچییەکان و
کوچەو کۆڵان
شیعاری نوسراوی سەر دیوار و
دوکانی سەر سوچی کۆڵانەکانی گەڕەکیش
تا ئەو ساتەی خاوەنە کۆنەکانیان گۆڕدرا و
خاوەنی نوێ، بوو بە ڕوخساری ناسراوی هەموو ماڵەکانی گەڕەك.

لە دوکانی خاوەنداره کۆنەکاندا
هەموو گەڕەك شوێنی هەبوو.
بە دیواری تەنیشتی دەغیلەکەوە
لە لیستی قەرزی براودا
ناوی ژن و
خاوەن ماڵ و کرێچی و پاکەتی بەغا و
حەرەسەکەی قوتابخانەت دەخوێندەوە.

دوکانەکان، شوێنی گێڕانەوەی شەڕی دوێنێی مناڵان و
دوا بڕیاری ڕازیبوونی شووکردنی کچەکان بوون.
دوکانەکان، لەسەربانی گڵی ڕیزەماڵی گەڕەك دەچوون.
جێی ئاسمان و
جێگای چیغ و

چرپەچرپی ژێر بەتانی و
چاوەچاوی کوڕی ئەم ماڵ لەگەڵ کیژی ئەو حەوشەدا
جێگای خەون و خەوزڕان و دووبارە خەوبینینەوەی تیا دەبۆوە.
بەڵام ئیتر لەو ڕۆژەوەی خاوەنی نوێ
کورسیەکەی مەترێك هێنایە بەردەم دوکان
بە دەنگی بەرز هاواری کرد:
هیچ کەسێك شت بەقەرز نابات!
لەو ڕۆژەوە دوکانەکان پڕن لە شت
گەڕەك نەبێ.

ئێستا ئەم دوو گەڕەکە, نەسەلامیان لەبەیندایە
نە تەلەفۆن.
نە زەماوەند پێکەوە دەکەن, نەنوێژی ڕۆژانی جومعە
ئێستا ئەم دوو گەڕەکە دوو مەملەکەتن و
سنووری نێوانیان دوکانەکانی گەڕەکە.

ئێستا دەرگای دوکانەکان
بۆ هەمیشە لەسەر پشتن.
هەم فاسۆلیای بایعیەکەی تیا دەفرۆشرێ و
هەم هەواڵی شەڕی نێوان باوکەکانی هەردوو گەڕەك.
کۆبوونەوەی تیا دەبەسترێ
کاتێك باڵندەی سەر تارمەیماڵی ئەمبەر
بەسەر گوێسوانەی ماڵانی ئەوبەرەوە, دەنیشنەوە.
بڕیاری یەکرەنگکردنی دەرگا و پەنجەرەی تیا دەدرێ و
ئەو بەڵێنانەیشی دەڵێ:
دەکرێ خەڵکی هەردوو گەڕەك لە ڕۆژێکدا
بەبەردەم دوکانەکاندا, بە کەیفی خۆیان بگەڕێن.
منداڵانی هەردوو گەڕەك

ناوی یەکتری نازانن
کەچی جەد و بابە گەورەی خاوەنی دوکانەکانیان, وەك ناوی خۆیان لەبەرە.
دوکانەکان کارخانەی پاسپۆرتی تازە و
سنووری نوێ و
سەربازی سەر سنووریشن.
پۆلی ئەو قاچاغچیانەیە کە دەبوایە مامۆستای جوگرافیا بوایەن.
دوکانەکان دایرەی تاپۆن
بۆ لێسەندنەوەی ئەو ماڵەی
خاوەنەکەی بە تەنها سەتڵێ بۆیاخی
لە دوکانی ئەوبەرکڕی.
گەرچی خاوەن دوکانەکان, باران بەیەکدی دەفرۆشن و
سێبەر و تیشك, لەگەڵ یەکدا دەگۆڕنەوە و
بەبەرچاوی خەڵکی هەردوو گەڕەکەوە, بەیەکەوە پێدەکەنن.
دوکانەکان بوونەتە ماڵی تازەی خوا.
ئێستاکە ئەو, لە سوچێکی دوکانی هەردوو گەڕەکدا
لە پشت ڕەفەی تفەنگەکانەوە
لە تەنیشت فەردەئاردەکانی بایعییەوە
کورسییەکی بۆ خۆی داناوە و لەشەقام دەڕوانێ.
شێتەکانی گەڕەك دەڵێن:
لە نێوان خوا و
خاوەنی دوکانەکاندا, جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە.
.

جاران دوکانەکانی گەڕەك بەشێك بوون
لە ماڵەکانی گەڕەك.
دەرگای دوکان و دەرگای ماڵی خاوەن دوکان یەك دەرگا بوون.
لەسەربانیشەوە زۆر شەوان, چیت دەویست, دەتتوانی بیکڕیت.

ئێستا دوکانەکان هەر ژوورێك نین
ئێستا دوکانەکان هێند گەورە بوون
لایەك لە ماڵەکانی گەڕەکیان هەڵلوشیوە.
شەقام و شۆستەکانی بەردەمیشی
درەختەکان و تەناتەت شوێنی تۆپ تۆپێن و
سەر تەنوور و
ئاسمانی سەر مالەکانیش.
ئێستا دوکانەکانی گەڕەکمان هێند گەورە بوون,
لەشکرێکی لە کرێچی و
لە خاوەن ماڵ خستۆتە بەردەمی دوکان.
یان ئەوەتا وەکو بارکێش بۆ ئەم دوکانە تازانە دەست بەکار بن
یان ئەوەتا  پاسەوانی دەر دوکان بن.

ئەوەی ئەم دوو گەڕەکە ئەمڕۆ پێکەوە دەبەستێتەوە
شەقامەکانی گەڕەك نین
منالەکانی گەڕەك نین
کۆلانەکانی گەڕەك نین
ئەوەی ئەم دوو گەڕەکە ئەمڕۆ پێکەوە دەبەستێتەوە
خاوەنی دوکانەکان و
دوکانەکانی گەڕەکن.